# کاتژمێرێکی نایاب و سمارت

کاتژمێره سمارتەکان تەواو شوێنی کاتژمێره کلاسیکییەکان دەگرنەوە، بەڵام بەکارهێنەر بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنێکیان هەیە هێشتاش کاتژمێرە کلاسیکیەکان بە گرنگتر سەیر دەکەن، بۆیە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێن هەوڵ دەدەن تێکەڵاوێیەك لەنێوان کاتژمێری کلاسیك و سمارت دروست بکەن، کاتژمێری هۆشمەند لەبەرگی کلاسیکدا.. کۆمپانیای garmin بەم دواییە نوێترین کاتژمێری ژیرۆك-کلاسیکی بە ناوی FeniX chronos بەرهەم هێنا.

کاتژمێرەکە لە مادەیەکی زۆر پتەو پێکهاتووە، تواناکانی گەلێکن و کە جیایان دەکاتەوە لە هاوشێوەکانی خۆی. گەرچی لە پۆڵا دروستکراوە بەڵام کێشێکی کەمی هەیە، شاشەکەی لە یاقوتی دژە شوختە و تیرەکەی ١,٢ ئینجە، بەکارهێنەر دەتوانێ لەبەر تیشکی خۆریش سوودی لێوەربگرێت و بە ئاو تەڕ نابێت. سیستەمی GPS و Glonass، هەیە.. هەروەها بەرزی پێو، زەخت پێو، ئاراستەنوێن و... تاد هەیە دەتوانێ خێرایی راکردن، پایسکل لێخوڕین و مەلە کردن بزانێ. شەحنەکەی هەتا رۆژێك دانابەزێت.







# رۆبۆتێک مەلە دەکا و نیگار دەکێشتەوە

ئەگەر بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، مۆبایلەکان گشتگیر نەبوون و زۆر سادە و ساکار بوون و کەم کەسیش بەهۆی گرانیەوە دەیتوانی مۆبایلی هەبێت، تواناکانیان بەقەد تەلەفۆنێك بوو، بەڵام ئەمڕۆ هەم پێشکەوتوون هەم هەرزانن و هەم گشتگیرن.

رۆبۆتیش هەر بەم شێوەیە، راستە ئەمڕۆ کەمن و گشتگیر نین بەڵام رۆژێك وەك مۆبایلی لێدێت هەرکەس خاوەنی رۆبۆتی خۆی دەبێت.

لەم دواییەدا کۆمپانیای sphero رۆبۆتێکی بەناوی spark بەرهەم هێناوە، رۆبۆتەکە لە شێوەی تۆپێك دەچێت و بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێت، بەهۆی ئەو رۆبۆتەوە شێوەی پرۆگرام نووسین لە کۆمپیوتەردا فێری هەزاران قوتابی لە قوتابخانەکانی ئەمەریکا و کانادا کرد.. نەوەی دووەمی ئەو رۆبۆتە تواناکانی زیاترن، رۆبۆتەکە جگە لە ئەرکی وانە وتنەوەی پرۆگرام نووسین دەتوانێت مەلەکردن و نیگارکێشانیش فێری منداڵان بکات.






# فلاش میمۆرییەک داتاکان بەبێ کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە

سەردەمێك بۆ راگواستنی زانیاری لە کۆمپیوتەرێك بۆ یەکێکی دیکە، دەبا دیسکمان بەکار هێنابا، بەڵام فلۆپیەکان زانیاری کەمیان دەگواستەوە. دواتر بوون بە CD و دواتریش لە CDیەوە بۆ DVD. هەتا گەیشتە سەر فلاش میمۆری و هاردی پورتێبڵ..

فلاش میمۆری هەم بچووکن و هەم توانای راگواستنی داتایەکی زۆریان هەیە و بەئاسانی و بێ گرفت زانیارییەکان هەڵدەگرن و رادەگوازن، بەڵام کێشەیەك لە فلاش میمۆرییەکاندا هەیە ئەویش بەبێ کۆمپیوتەر یا مۆبایل ناکرێت راستەوخۆ زانیاری بۆ یەکتر بگوازنەوە.. واتە ناکرێت لە فلاشێکەوە بۆ فلاشێکی دیکە بەبێ کۆمپیوتەر فایل بگوازیەوە، لەو ماوەیەدا گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی فلاش میمۆریشدا پێکدێت ئەویش بەبێ هیچ ئامێرێك زانیارییەکان بۆ خۆیان دەگوازنەوە، فلاش میمۆری جۆری U Transfer لەم جۆرەیە. لەسەر ئەم فلاش میمۆرییە شاشەیەکی لەمسی هەیە بە هۆیەوە داتاکانی ناوی دەبیندرێن و سەرێکی فلاش میمۆرییەکە دەتوانرێ فلاش میمۆری لە چەشنی خۆی بۆ دابندرێ و بە هۆی دوگمەیەکەوە هەر فایلێك کە مەبەستە دەتوانی بۆ فلاش میمۆرییەکی دیکە بیگوازیەوە.





## گوگل تۆڕێکی نوێی پەیـــ

تۆڕە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە جیهانی مەجازیدا گەلێکن، وەك فەیسبوك، ڤایبەر، ئیمۆ، تیلیگرام، ئینستاگرام...تاد. هەندێك لەوانە تایبەتن بە پەیوەندی بەربەرینی کۆمەڵایەتی و هەندێکیشیان کۆمەڵایەتی تاکەکەسین.. هەندێك لەوانە تەنیا تایبەتن بە قسەکردن بە دەنگ و رەنگ وەك سکایپ، هەندێکیش بە دەنگ و رەنگ وەك ئیمۆ و ڤایبەر..

کۆمپانیای گوگلیش لەم دواییەدا تۆڕێکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە ناوی duo بەرهەم هێنا، دەبێت لەسەرەتادا پرۆگرامی duo لە گوگل پلەی دابەزینی و پاشان لەرێگای ژمارە مۆبایلەکەتەوە ئەکاونتێك دەکەیەوە و دواتر بەئاسانی پەیوەندی بەو کەسانەوە دەکەی کەلەو



## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی فیلمی فێرکاری

پرۆگرام گەلێکی زۆر هەن کە بۆ مەبەستی دروستکردن و ئامادەکردنی فیلمی فێرکاری داندراون، بۆ نموونە تۆ مامۆستایەکی کۆمپیوتەری و نیازت هەیە یەکێك لە پرۆگرامەکان فێری قوتابییەکان بکەی، یان هاورێیەکت لە دوورەوە داوات لێدەکات زانیارییەکی سەبارەت بە پرۆگرامێك بدەی بۆ ئەم مەبەستە پێویستت بە پرۆگرامێکە کە فیلم لە شاشە هەڵبگرێتەوە.. پرۆگرامی BB FlashBack Pro یەکێکە لەم پرۆگرامانە.. هەر کردارێك لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بیکەی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تۆمار دەکرێ.. دەتوانی فیلمەکە بە ئاسانی لەسەر ماڵپەڕەکان دابنێی. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:


- تۆمارکردنی شاشە و تۆمارکردنی وێب کەم.
- توانای دانانی دەنگ دەق و وێنە
- توانای خەزن کردنی بە فۆرماتی EXE، WMV، AVI، Flash، PowerPoint،
- توانای زیاتر روونکردنەوەی فیلمە فێرکارییەکە..



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت کاتێك نیازمە شتێك لە گوگل پلەی دابەزینم دانابەزێت و مۆبایلەکەم رادەوەستێ هۆکاری چییە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ دابەزاندن پرۆگرامەکان لە گوگل پلەی لەسەرەتادا پێویستت بە ئەکاونتی گوگلە، بەڵام ئەگەر هەر راوەستا بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرەتا بچی بۆ سەر بەشی setting و لەودا بەشی all app بدۆزە بە واتایەکی دیکە بەشی پرۆگرامەکان و لەودا گوگل پلەی بدۆزەوە و ئیدی داتاکانی بسڕەوە و رێکخستنەکەی نوێ بکەوە دواتر مۆبایلەکە بکوژێنەوە و کێشەکە نامێنێ...



## ـــــــوەندی کردنی بەرهەم هێنا

تۆڕەدا بەشدارن... بەڵام جیاوازی ئەو تۆڕە لەگەڵ ئەوانی دیکە چییە؟
تۆڕەکە تایبەتە بەمۆبایل لە سیستەمێکی گەیاندنی زۆر سەرکەوتوو کەڵک وەرگیراوە، ئەگەر هێڵی ئینتەرنێت زۆریش لاواز بێ پەیوەندییەکە ناپچڕێ.. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی duo ئەوەیە کاتێك کە لەسەر شاشەکە خۆت نەدی پەیوەندی دەپچڕێ.. لەگەڵ هەموو خێراییەکی هێڵ دەگونجێت بۆ نموونە ئەگەر ئینتەرنێتەکە زۆر لەسەرخۆ بوو، ناهێڵێت پەیوەندی بپچرێت و بەڵکو پەیوەندییەکە تەنیا بە دەنگ دەهێڵێتەوە. تایبەتمەندییەکی تۆڕەکە ئەوەیە کاتێك بۆ یەکێك زەنگ لێدەدەی بەر لە وەڵامدانەوەی دیمەنی کەسەکە دەبینی دەزانی دەتوانی وەڵام بداتەوە یان نا.

## مۆبایلێکی دوو شاشە لە سۆنییەوە




کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لە گەورە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە زۆر بواردا سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆن و پلەی ستەیشن... بەڵام رەنگە لە زۆر بواردا نەگەیشتبێتە لوتکە..
سۆنی لەم دواییەدا بە تەمایە موبایلێکی ناوازە بە دوو شاشەوە بەرهەم بێنێ، مۆبایلەکە کە بە shadow واتە سێبەر ناسراوە. زۆر تایبەتە. دوو شاشە بە ئاسانی لەسەر یەك دادەنرێ و زۆر تەنکن. دەکرێت لە یەك کاتدا پێکەوە لە هەردوو شاشەکە سوود وەربگری، بۆ نموونە ئەگەر یارییەك بکەی شاشەیەکیان ببێت بە دوگمەی فەرمانەکان و شاشەکەی تریش نیشاندانی یارییەکە.. یان گەر بتهەوێ ماڵپەڕێك بکەیەوە، شاشەیەك دەبێتە ماڵپەڕەکە و ئەوەی تریش دەبێتە کیبۆرد.. دەکرێت شاشەی دووەم ٤٥ پلە بسوڕینی بۆ ئەوەی کە شاشەی یەکەم بە جوانی ببینی.
جگە لە باتری خۆی باترییەکی دیکەشی لەگەڵدایە. تاکو ئەگەر باترییەکیشت دەرهێنا یەکێکی دیکە وزە بە مۆبایلەکە ببەخشێ. رامی مۆبایلەکە ٦ گیگابایتە و سیستەمی ئەندرۆیدی نوقای لەسەرە.



## سایتێک بۆ گۆڕینی وێنە بە وێنەی شێوەکاری

سایت گەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە بەشێوەی ئۆنلاین دەستکاری وێنە بکات و وێنەکان بکات بە وێنەی شێوەکاری یان گۆڕانکاری تایبەتی دیکە.. یەکێك لەو سایتانە سایتی http://www.picturetopeople.org/ لە و سایتەدا دەکرێت وێنە بە جۆرێك لێبکەی کە بە نیگارکێشێك بە قەڵەم سکێچی کردووە. جیاوازی ئەو سایتە لەگەڵ ئەوانی دیکە ئەوەیە کە بەشێوەی ئۆتۆماتیکی نییە، بەڵکو بەکارهێنەریش رۆڵی خۆی تێدا دەبینێ، لەو سایتەدا دەتوانی جۆری قەڵەم، جۆری رەنگ شێوازی ستایل بە ویستی خۆت بگۆڕی...